## پرۆژەی پێشنیاری

# ڕێکخستنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و هاتوچۆ



د. سەباح یوسف توما

پسپۆر لە پلانی ستراتیژی و سیاسەتی حکومی

چەنــد ڕۆژێك لەمەوبــەر حکومەتی هەرێمی کوردســتان بڕیــاری ڕاگرتنی هێنان و هاوردەکردنــی ئۆتۆمبێلی دەرکرد، تا ئەو کاتەی ڕێوشــوێنی ڕێکخستنی هاوردەکردنی دادەڕێژێت، تەنیا دانانی ڕێو شوێن بۆ بابەتێکی لەم شێوەیە بەس نییە، بەڵکو پێویستە هاووڵاتیانیش هاوکار و پابەند هەندێ شت بن، هەرێمی کوردســتان چاوەڕێی بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. بنیادنانی دەوڵەت تەنها بــە حکومەت و سیاســەتمەداران نایەتە کایەوە، بەڵکو پێویست بە هاوبەشــییەکی ڕاستەقینەی نێوان حکومەت و هاووڵاتیانــە کاری بــۆ بکرێت، کە دەبــێ هەر یەکە و ماف و ئەرکەکانی خۆی بزانێــت، حکومەت لە بەرامبەر هاووڵاتیان لێپرســراوی دەســتەبەرکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە بۆ هاووڵاتیان وەکو ئەوەی لە دەســتووردا هاتــووە بە دابینکردنی ئەمن و ئاسایشــەوە، فێرکردن و تەندروســتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە پاڵ ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پێویستن و دەبێ هەم حکومەت و هەم هاووڵاتیش پابەندی بن، هەروەك مافی دەزگا حکومییەکانە چاودێریی جێبەجێ کردنی ئەو یاســا و ڕێسایانە بکات، هەروەها هاووڵاتیانیش مافیان هەیە و پێویســت دەکات حکومەت و دەزگاکان بۆی دابین بکەن وەکو ئەوانەی لەســەرەوە ئاماژەمان پێکرد، هەروەك لەســەر هاووڵاتی پێویستە پابەندی یاسا و ڕێساکان بێت و بەهەستی لێپرسراویەتیی خۆی هاوکاریی ماددی و مەعنەوی بێــت بەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە حکومەت بەمەبەستی دەستبەرکردنی ژینگەیەکی شیاوی ژیان پێشکەشی دەکات.

نابێ کار بۆ بابەتی هــاوردە کردنی ئۆتۆمبێل و چۆنییەتی ڕێکخســتنی هاتوچۆ و دیاریکردنــی ڕۆڵی هاووڵاتی بکرێت، بەر لەوەی بزاندرێت لە شــەقامەکانی هەرێمی کوردســتان چ باســە و چی دەگوزەرێت، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان خواســتی کڕینی ئۆتۆمبێل زۆر بووەو ئەوەش وایکــردووە بزاڤی بازرگانی کاراتر بێــت، بەتایبەتی لە کەرتی هــاوردە کردنــی ئۆتۆمبێل بێ ئەوەی هیچ ڕێ و شــوێنێکی تایبــەت بەڕێکخســتنی هەبێت، ئەویش لــە ڕوانگەی بازاڕی ئازادەوەیە. بوونی ئوتۆمبێل بۆتە بابەتی کەمالی لە ڕەوشــتی هاووڵاتی کوردســتانی. ســەرجەم خانەوادەکان لە ئەوروبا تەنها ئۆتۆمبێلێك یان دوو ئۆتۆمبێلیان هەیە کە بۆ مەبەستی هاتن و چوونیان بۆ شوێنی کار و ڕاپەڕاندنی کاروباری خێزانی بەکاری دێنــن، بەڵام لە هەرێمی کوردســتان خانەوادە هەیە بە ژمارەی تاکەکانی ئەو خێزانە ئۆتۆمبێلی هەیە، هۆکاری ئەوەیش بۆ ئەو ئاســانکاریانە دەگەڕێتەوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل هەر لە قیست و نەبوونی پابەندبوون و بەشــداری نەکردنی هاووڵاتی بەرامبەر ئەو تێچوونانەی کە حکومــەت خەرجی دەکات بۆ چاککردنی ڕێگاو بانەکان یان بۆ ڕێکخســتنی هاتوچۆ لە شــەقامەکانی هەرێم خەرجی دەکات، لەگەڵ ئەوانەشدا نەبوونی ڕێ و شوێنی تایبەت بە ڕێکخستنی تایبەت بە ئۆتۆمبێل و ئەو وەسفانەی کە پێویستە لە شەقامەکانی کوردستان هەبن.

ئەم حاڵەتانە بۆتە هۆی هاتنە کایەی گرفت و پابەندی دارایی گەورە کە بەشــێوەیەکی گشتی ئابووریی هەرێمی کوردستان و حکومەت و هاووڵاتیان لە ئەســتۆی دەگرن، بۆیە واپێویســت دەکات ڕێ و شوێنی وا دابندرێت کە سنوورێك بۆ هاوردە کردنی ئۆتۆمبێــل بە ژمارەی زۆر و کرداری بەپیرەوەچوونی هاووڵاتی بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل ئاسان نەبێت.

### ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە

بەهوێ نەبوونی ڕێو شوێنی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و سستەمێکی ڕێکی هاتوچۆ

١. بەهــۆی هاوردە کردنــی ئۆتۆمبێل بــە هەموو جۆر و قەبارەکانییــەوە قورســایی زۆری ئابووری بــە پارەیەکی زۆر دەکەوێتە سەرشــانی حکومەت بێ ئەوەی داهاتێك بو خەزینەی حکومەت دەستەبەر بێت.

٢. بەهــۆی چاکردنەوەی ڕێگاو بانەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆ .

٣. پابەندنەبوونی هاووڵاتی بەو ئەرکانەی کە بۆ چاککردنەوەی ئەو ڕێگا و بانانەی بۆ مەبەســتە جیــا جیاکانی بەکارهێنانی بەکاری دێنێت.

٤. لەدەســتدانی قوربانییەکی زۆر لــە ئەنجامی ڕووداوەکان بەهۆی خراپیی ئۆتۆمبێلەکان و نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتیی گشــتی تێیاندا و پابەنــد نەبوونی بــازاڕەکان بەڕێنماییەکانی هاتوچۆ.

٥. حکومەتی هەرێــم و هاووڵاتی زیانــی زۆری داراییان بەردەکەوێت لە ئەنجامی ڕووداوەکانی پێکدادان لەنێوان ئۆتۆمبێلی حکومی و ئەهلی.

٦. پیســبوونی ژینگە بەهوێ نەبوونی مەرجی کارکردن لە زۆرێك لە ئۆتۆمبێل کە لە ســەر شــەقامە گشتییەکان بوونیان هەیە یان هاتوچۆ دەکەن.

٧. جەنجاڵییەکــی زۆری ئۆتۆمبێل لە شــەقامەکان بەدی دەکرێت کە دەبێتە هۆی جەنجاڵیی هاتووچۆ، ســەرباری بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل لەبەردەم باڵەخانە حکومی و هوتێل و چێشتخانەکان و شوێنە گشتیەکان، تەنانەت لەبەردەم ماڵانیشدا هەر هەمووشیان وا دیزاین نەکراون کە بەرگەی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل بگرن.

٨. هاتنــە ژوورەوەی ژمارەیەکــی زۆری ئۆتۆمبێــل بــۆ پارێزگاکانی هەرێم لە ناوچــە جیاجیاکانی عێراق بەبێ بوونی

# لە هەرێمی کوردستان

ڕێگرییەك یـــان چاودێری و بەدواداچونێك بەمەبەســـتی باری ئەمنی.

٩. ڕێــز نەگرتنـــی هاووڵاتی لە یاســـای هاتوچۆ بەهۆیی نەبوونی ڕێو شـــوێنی و بەربەستی پێویســـت بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵسوکەوتی کەسانی پێشێلکاری ئەو یاسایانە.

١٠. کەمیی توانا و لێهاتوویی پۆلیســـی هاتوچۆ ئەوەش وا دەکات کە توانای ڕێکخستنی هاتوچۆ بە شێوەیەکی تەندروست سنوور دار بکات.

**ئەو ئامانجانەی کە پرۆژەکە لە خۆی دەگرێت**

١. ســـووککردنی ئەو قورســـاییە دەکەوێتە سەرشانی هەرێم بەهۆیی زۆربوونی ئەو بڕە پارە بیانییەی کە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل خەرج دەکرێت و دەچێتە دەرەوە .

٢. دەســـتەبەری سەلامەتیی گشـــتیی هاووڵاتی و موڵك و ماڵیان.

٣. دەستەبەری ژینگەیەکی خاوێن.

٤. کەمکردنەوەی ڕێژەی مردووان و ڕووداوەکان.

٥. کەمکردنەوەی زیانە داراییەکانی حکومەت و هاووڵاتیان.

٦. دۆزینـــەوەی ســـەرچاوەی نـــوێ بـــۆ حکومـــەت لە هەمەجۆرکردنی بنکەی ئابووریدا.

٧. ڕێزگرتنی یاسا لەلایەن هاووڵاتیانەوە.

٨. بەخشینی سیمایەکی پێشکەوتوو و شارستانی بە شارەکانی هەرێم.

**وردەکاریی پرۆژەی پێشنیارکراو**

**١ ـ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت**

• پێویستە کاردەبەستانی دەزگا تایبەتەکان لە هەرێم ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانە دیاری بکەن کە بەپێی ستانداردی کارپێکراوی جیهانی پێویستە لە شەقامەکاندا هەبن.

• دانانی ڕێوشـــوێنی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە میانەی کەمکردنەوەی حکومی و مەرجی دیاری کراودا.

• لەناوبردنی ســـاڵانەی ژمارەیەك لـــە ئۆتۆمبێلە کۆنەکان، چونکە ئۆتۆمبێلی نوێ هاوردە دەکرێت.

• ڕاگرتنـــی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو بۆ ماوەی سێ ساڵ.

• دەســـتەی پێوانە و کۆنترۆڵی جۆری مواسەفاتی پێویست دیاری بکات کە دەبێ لە ئۆتۆمبێلدا هەبێ بۆ دەســـتەبەرکردنی سەلامەتیی گشتی و ژینگەیی.

• دامەزراندنی ســـندووقێك بەناوی ( ســـندووقی پشتیوانی کردنی هاتوچۆ و چاکردنەوەی ڕێگا ناوخۆییەکان) داهاتەکەشی لەو باجانە دەبێت کە باســـی دەکەین لەگەڵ ئەو غەرامانەی کە دەسەپێندرێتە سەر ئەو کەسانەی کە یاسا پێشێل دەکەن.

• حکومـــەت باجی هاوردەکردنـــی ئۆتۆمبێل بەپێی جۆر و مۆدیلەکانی بســـەپێنێت و داهاتەکەشـــی بۆ حکومەتی هەرێم واتا ( ســـندووقی پشتوانیکردنی هاتوچۆ و چاکردنەوە ی ڕێگا ناوخۆییەکان ) ســـەرباری ئەو باجانەی کـــۆ دەکرێنەوە کە بۆ حکومەتی ناوەند حەواڵە دەکرێت.

• حکومەت باج لەسەر نرخی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل دابنێت کە داهاتەکەی بە هەمان شـــێوە بۆ حکومەت واتا (ســـندوقی پشـــتوانیکردنی هاتوچۆ و چاککردنەوەی ڕێگا ناوخۆییەکان ) دەبێت.

**٢ـ ئۆتۆمبێلی کرێ ( تاکسی)**

• واپێوســـت دەکان کارگێری پارێزگاکان یان شـــارەوانییەکان ژمـــارەی ئۆتۆمبێلەکانـــی کرێ دیاری بکەن کە پێویســـتە لە شارەکان کار بکەن .

• زیادکـــردن بـــۆ وەرگرتنـــی مۆڵەتی کارکـــردن لە لایەن هاووڵاتیانەوە ڕاگەیاندنی بۆ بکرێت و باج پێویست بەمە بدەن.

• لایەنە پەیوەندیدارەکان ناسنامەی تایبەت بەو کەسە دروست بکات کە زانیاریی ســـەرەکیی تایبەت بە شـــوفێری تاکســـی لەخۆبگرێت وەك ناوی شـــوفێرو وێنەو ژمارەی مۆڵەت لەگەڵ ژمارەی تەلەفون و ئەو فەرمانگەیەی کە مۆڵەتەکەی دەرکردووە، ئەوەش بۆ ئەمن و ئاسایش پێویستە.

**٣ـ ئۆتۆمبێلی حکومی:**

• وا پێویســـت دەکات حکومەتی هەرێم پێداچوونەوە بەجۆری ئـــەو ئۆتۆمبێلانە بکات کە بۆ لێپرســـراوە حکومیەکان و کاری وەزارەتەکان دانراوەو زیاتر تەرکیز لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێلی قەبارە بچوك بکەن کە تێچووی کڕینی و خەرجی سوتەمەنی و خەرجی تری کەمترە سەرەڕای کەم کردنەوەی گرفتی ژینگەیی

• چاوخشاندنەوە بە ژمارەی ئۆتۆمبێلە حکومیەکان، گەڕانەوە بۆ ژمارەی شـــین کە تیایدا ناوی وەزارەتەکانی تێدا دەنوســـرێ بۆ ئەوەی خراپ بەکار نەهێـــت بەتایبەتی لە دوای تەواوبوونی دەوامی ڕەسمی.

• هەڵوەشـــاندنەوەی پرۆژەکانی گواستنەوەی فەرمانبەران لە وەزارەتەوە بـــۆ وەزارەت کە لەلایەن وەزارەتەکان کاری پێدەکەن لە شوێنی ئەودا پرۆژەیەك بخرێتە جێگای کە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەم ئەرکە لە ئەســـتو بگرێـــت و ئەم کارە بە باصی تایبـــەت ئەنجام بـــدات و فەرمانبەران بگوازێتەوە لە شـــوێنی نیشـــتەجێ کردنیان بۆ فەرمانگەکانیان بەشـــێوەی گشتی نەك بە ویستی تایبەت.

**٤ـ خاوەندارێی ئۆتۆمبێل**

• پابەندکردنی خاوەن ئۆتۆمبێلەکان بە دانی باجی ساڵانەی ســـندووقی پشـــتگیریی هاتوچۆ بـــە بـــڕی ٢٠٠٠٠٠ دینار

**نابێ کار بۆ هاوردە کردنی ئۆتۆمبێل و چۆنییەتی ڕێکخستنی هاتوچۆ بکرێت، بەر لەوەی بزاندرێت لە شەقامەکانی هەرێمی کوردستان چ باسە و چی دەگوزەرێت**

**سەرجەم خانەوادەکان لە ئەوروپا تەنها ئۆتۆمبێلێک یان دوو ئۆتۆمبێلیان هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان خانەوادە هەیە بە ژمارەی تاکەکانی ئەو خێزانە ئۆتۆمبێلی هەیە**

**پێشنیاری ئەوە دەکەین ڕەنگی تەختەی ژمارەی پێشەوەی ئۆتۆمبێل بکرێتە ڕەنگی سپی و تەختەی ژمارەی دواوەشی بکرێتە ڕەنگی زەرد بەجۆری فسفۆری بێت ئەوەش دەبێتە هۆی بینین و کەمکردنەوەی ژمارەی ڕووداوەکان.**

عیراقی.

• پابەندکردنی خاوەن ئۆتۆمبێلەکان بە تەئمین کردنی ئۆتۆمبێلەکانیان لە کۆمپانیاکانی دڵنیایی بڕی ٢٥٪ لە بڕی نرخی دڵنیابوونەکە وەك باجی سندووقی پشتگیریی هاتوچۆ دیاری دەکرێت.

• پابەند کردنی خاوەن ئۆتۆمبێلەکان بە ئەنجام دانی نۆڕینی ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکانیان دانی باجێك لە ١٠٠٠٠٠ دینار کەمتر نەبێت.

• ئەو هاووڵاتیانە پابەند بکرێن کە ئارەزووی بەدەستهێنانی مۆڵەتی لێخوڕینی هەیە بەدانی باجێك کە لە ١٠٠٠٠٠ کەمتر نەبێت.

**٥ ـ ژمارەی تەختەی ئۆتۆمبێل**

پێشنیاری ئەوە دەکەین بەم شێوەیە چاو بە ژمارەی ئۆتۆمبێل بخشێندرێتەوە.

ڕەنگی تەختەی ژمارەی پێشەوەی ئۆتۆمبێل بکرێتە ڕەنگی سپی و تەختەی ژمارەی دواوەشی بکرێتە ڕەنگی زەرد بەجۆری فسفۆری بێت ئەوەش دەبێتە هۆی بینین و کەمکردنەوەی ژمارەی ڕووداوەکان.

ژمارەکە بە شێوەیە بێت( ناوی کوردستان ـ کودی پارێزگا، هەولێر ٥٥ و سلێمانی ٧٧ و دهۆك ٩٩ ـ و پیتی ئینگلیزی A – Z و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان.

| |
|---|
| ٥٥ A ٦٧٨٥٢١ |
| کوردستان ـ العراق |

دانانی پیتەکانی A – Z لەتەختەی ژمارەی ئۆتۆمبێل بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ پرۆژەی فرۆشتنی ژمارەی هەندێ ژمارەی تایبەت بە زیاد کردنی ئاشکرا داڕێژێت، بۆ نموونە

١ A ..........٩٩٩
١ B...........٩٩٩
١ C ..........٩٩٩

بەمشێوەیە واتا ئەو ژمارانەی کە جوانن.

ئەو بڕە پارانەی لە فرۆشتنی ئەو ژمارانە دێتە دەست لە سندووقی پشتگیریی هاتوچۆ دادەندرێت و بۆ کاری چاککردنەوەی شەقامە ناوخۆییەکان دادەندرێت.

**٦ ـــ ئەو سزایانەی کە لە ئەنجامی پێشێلی یاساکان دەسەپێندرێن بەمشێوەیە.**

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ٢٠٠٠٠٠ دینار بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی نەوەستان لە کاتی پێ بوونی ڕەنگی سور دەکەن.

• سەپاندنی غەرمەیەکی دارایی بە بڕی ٢٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە مادەی کحولی لە ڕێڕەوی ڕێگە پێدراو دەخۆنەوە و بە سەرخۆشی ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ١٠٠٠٠٠ دینار بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە پابەندی دڵنیایی کردنی بەزۆر نابن.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ١٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکانیان نوێ نەکردۆتەوە.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ١٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە زیاتر لە خێرایی دیاریکراو ئۆتۆمبێلەکانیان لێدەخوڕن.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ٢٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلە نییە کە لێدەخوڕێت بەبێ مۆڵەتی پێشوەختەی خاوەن ئۆتۆمبێلەکە ئاگادار ناکەنەوە.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ٥٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە مۆڵەتی لێخوڕینیان نییە.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ٢٥٠٠٠٠ بەسەر ئەو شوفێر و نەفەرانەی کە لەناوی ئۆتۆمبێلەکانیان پاشڕۆ فڕێ دەدەنە سەر شەقام و یان شوێنێکی دیکە.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ١٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا مۆبایل بەکار دێنن.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ١٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی خۆیان یان ئەوانەی لە تەکیانەوە دادەنیشن پشتێنەی خۆپارێزیی نابەستن.

• سەپاندنی غەرامەیەکی دارایی بە بڕی ١٠٠٠٠٠ بەسەر ئەو شۆفێرانەی کە ڕێگا دەدەن منداڵی خوار تەمەن ١٠ ساڵی لە کورسی پێشەوە دابنیشێت.

تێبینی/ خاوەنی ئۆتۆمبێل ئەو غەرامانە لە ئەستۆ دەگرێت، ئەگەر شوفێرەکە تەمەنی لە تەمەنی یاسایی ڕێگە پێدراو بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کەمتر بوو.

**٥ ـ ڕێگرییە پێشنیارکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆ.**

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆ ١٢ خاڵ لە مۆڵەتی شوفێری دیاری بکات جگە لە غەرامەکان.

لە هەر سەرپێچیەك کە شوفێر ئەنجامی دەدات خاڵێك لە مۆڵەتەکە لادەدرێ لەکاتی دووبارەکرنەوە سەرپێچیەکە کە لە خاڵی ٤ دا هاتووە.

خاڵە سەپێندراوەکان لەسەر مۆڵەتەکە دوای دوو ساڵ لە مێژووی دەرکردنی

مۆڵەتی لێخورین هەڵدەوەشێندرێتەوە دوای تێپەڕاندنی لایەنی بڕیاردراوی ١٢ خاڵەکە

ئەو شوفێرەی کە بەهۆی نەمانی خاڵەکانی، مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوە بۆی نییە تا تێپەڕینی ساڵێکی تەواو و دووبارە سەرکەوتن لە تاقیکرنەوەی شوفێری داوای مۆڵەتی دیکە بکات.

**پابەندییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ**

دەبێ پۆلیسی هاتوچۆ خزمەتگوزاریی و پێداویستیی سەرەکی ئەدا کردنی ئەرکەکەی دەستەبەر بکات کە ئەمانەن:

• دەسەڵاتە یاساییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ.

• بەدیار کەوتنی پۆلیسی هاتوچۆ بە جلو بەرگێکی ڕێك و شایستە.

• پابەندبوون بە کاتەکانی دەوامی فەرمی.

• مەشقکردنی چڕ لەسەر چۆنییەتی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکان.

• بەکارهێنانی کامێرا و ئامێری راداری پێشکەوتوو بۆ چاودێریی هاتوچۆ.

• بەکارهێنانی ئامێری دیاریکردنی رێژەی مادە کهولییەکان لە خوێندا بۆ ئەو شۆفێرانەی کە ئەو ماددانە دەخۆنەوە.

چاودێری و کۆنترۆڵکردنی دەروازەکانی هەرێم بەڕووی هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ دڵنیابوون لەوەی کە شوفێرەکان خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەن کە پێیان دێنە هەرێم لەو لایەنانەوە:

• موڵەتی شوفێری
• خاوەنداریەتی
• تەئمین
• نۆرینی ساڵانە

### دادگا

• پێکهێنانی دادگای تایبەت بۆ سەیرکردنی بەپەلەی ئەو داوایە تایبەتانەی بۆ سەرپێچی و رێکخستنی هاتوچۆ، مەشق پێکردنی دادوەرو ئەو کارمەندانەی پێویستن.

کرداری وەرچەرخانە لە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا دیموکراتی و ژیانی ئازادی و ئارامیمان هەڵبژاردووە،بۆیە پێویستە وەکو هاووڵاتی بەشدار بین لەو بنیادنانە نەك تەنها چێژ لە مافەکانی وەرگرێت بەڵکو پێویست دەکات ئەرکەکان بە دڵسۆزی ئەنجام بدەین و بە لێهاتوویی زۆرەوە لێپرساوییەتی لە ئەستۆبگرین خۆشەویستیی کار و داهێنانمان هەبێت. لە هەموو دنیادا نییە کە حکومەت هەرچەندە دەوڵەمەندیش بێت بە سەرچاوە سروشتیەکانی بەرگەی هەموو قورساییەکانی دارایی بگرێت، ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکات بێ بەرامبەر و بەبێ بەشداریکردنی هاووڵاتیانی ئەنجامی بدات. لەوانەیە هەندێ وای بۆ بچن کە حکومەت سڵ دەکاتەوە لە وەرگرتنی هەندێ رێو شوێن لە ترسی لەدەستدانی دەنگ لە کاتی هەڵبژاردندا، دەبێ ئەم بیرۆکانە لای هاووڵاتی ببڕێنەوە و هۆشیاریی ئەوەی هەبێ کە حکومەت کاتێ ئەو رێوشوێنە توندانە دادەنێ مەبەستی



ئەو پرۆژەیە پێشنیارە ئەگەر هەموو یان بەشێکی یان بە قۆناغ جێبەجێ کرا، هاوکارییەکی باشە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەمانجانەی کە لەو پێشنیارانە ئاماژەی پێکراوە

• دادگا خشتەیەکی سزای پێویست دادەنێت کە دەسەپێندرێت بەسەر سەرپێچیکاران لەکاتی نەدانی غەرامەکانیاندا.

### کۆتایی

لەوانەیە هەندێ کەس پێیان وابێ کە ئەو پێشنیار و رێگریانە عەمەلی و واقیعی نەبن، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بەشێك هەن ئەگەریش کەم بن هەندێ سەرپێچی دەکەن کە دەبێتە هۆی روودانی وا کە کاریگەریی نەرینی لێدەکەوێتەوە. بنیاتنانی دەوڵەت پشت بە ژمارەیەك بنەمای پێویست دەبەستێت لەوانە هەستی نەتەوەیی، هۆشیاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پابەندبوون بە یاسا و رێساکان .

ئەزموونی گەلان نەك تەنها لە ئەمریکا و ئەوروپادا بەڵکو لە هەندێ وڵاتی تازە پێگەیشتووشدا کە بەم قوناغەدا تێپەڕیوون کە ئێمە ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبین لەوانە کوریای باشورو سەنکافورە و ..، سەلماندوویەتی کە پابەندبوون بەو بنەمایانە بنچینەی سزادانی هاووڵاتیان یان کەمکردنەوە لە مافەکانیان نییە. بەڵکو بۆ خزمەتکردنی درێژخایەنی ئەوە، لە میانی ئاراستەکردنی تێچوونی حکومی و دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی زیاتر بۆ سوود وەرگرتن لە پرۆژە ستراتیجییە درێژخایەنەکان کە لە خزمەتی نەوەکانی داهاتووی دەبێ بە بڕوا بوون بەو وتەیەی کە دەڵێت: (چاندیان تاکو ئێمە بیخۆین با بیچێنین تاکو ئەوانیش بیخۆن) بەو هیوای هەموو رۆشنبیران و بڕیاربەدەستەکان و هاووڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی بەشدار بن لە دەوڵەمەندکردنی ئەو پێشنیار و بیرۆکانە لە میانەی بەشداریکردن لە گفتوگۆی ئەو بابەتە سەرەکییانە لەپێناو بنیادنانی دەوڵەتێکی نموونەیی لە ناوچەکەدا.

ئەو پرۆژەیە پێشنیارە ئەگەر هەموو یان بەشێکی یان بە قۆناغ جێبەجێ کرا، هاوکارییەکی باشە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەمانجانەی کە لەو پێشنیارانە ئاماژەی پێکراوە.